سەرۆک وەزیران: دەرگای حکومەت بەووی کەسوکاری شەهیدانی هێزە ئەمنییەکان بەهەموو کاتێک کراوەیە

ئەمە سەشەمە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێرەشی حکومەتی دووپاتکردەوە بە پێدانی گرنگیەکی تایبەت بەمەلەفی شەهیدانی هێزە ئەمنییەکان، هاوکات ئاماژەی بەوەدا کە دەرگای حکومەت بە کەسوکاری شەهیدانی هێزە ئەمنییەکان بە هەموو کاتێک کراوەیە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەنراوەکدا ڕایگەیاند,, محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ ژمارەیەک کەسوکاری شەهیدانی پۆلیس و تەواوی پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆ کەبووەوە".

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەخێرهاتنی کەسوکاری شەهیدانی کرد، هەروەها قوربانیدانی شەهیدانی پۆلیس و تەواوی هێزە ئەمنییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی وەبیرهێنایەوە، لەنواندنی قارەمانی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو باندە تاوانکارانەی کە کاردەکەن بە لەناوبردنی کەمەڵگە و بەاوبکەنەوەی ئاژاوەوە.

سەرۆک وەزیران پێرەشی حکومەت بە پێدانی گرنگیەکی تایبەت بەمەلەفی شەهیدانی هێزە ئەمنییەکان، بە هەموو جۆرەکانیەوە، دووپاتی کردەوە، لەبواری بەدواداچوونکردن بە بارودۆخی خێزانەکانیان، بە زانینی پێداویستییەکانیان و بە دابینکردنی تەواوی ماف وشایستەکانیان، هەروەها وتی" ئەمە چاکە

ومننەت نییە، بەکو ئەرک و پابەندبوونی حکومەتە بەرامبەر بە بنەماکانی پاڵەوانە شەهیدەکان."

ئاماژەی بەوەشکردووە" دەرگای حکومەت بەهەموو کاتێک کراوەیە بەیان، نەک تەنها لە بەنە

تایبەتکاندا".